


# خزمە ناپاکەکانم ڕەنجەڕۆم دەکەن و ژیانم لێ تێکدەدەن

دیاکۆ .م بەشی یەکەم



خزمەکانی خۆم دەمێک بوو منیان نەدیتبوو، شێوەی منیان لەبیر چووبۆوە، منیشتا رادەیەکی زۆر ئەوانم فەرامۆش کردبوو، جارجارە نامەم بۆ دەناردن و ئەوانیش ئەگەر جورئەتیان بکردایە وەڵامیان دەدامەوە. ئەوان لەوبەری سنوورو منیش لەمبەر، من پەڕیوەی بەشێکی دیکەی وڵاتەکەم ببووم، کەچی ناوی ئاوارەو پەناهەندەم پێبڕابوو. من هەرگیز هەستم بەنامۆیی نەدەکرد، بەڵام دیتران مۆرەیان لێدەکردم و وەکو عەجەم سەیریان دەکردم.

ڕۆژان خۆیان لەیەکتر لوول دەداو تەمەنیان گەورە دەکردم، بە گوللەی دوژمن کەمئەندام ببووم، وەکو پێویست تێکۆشانم بۆ نەدەکرا، لە بارەگا دەمامەوە، کورد گوتەنی " جیگری نانخۆر بووم" هاوڕێیان ڕێگەی دەرچوونیان بۆ فەراهەم کردم و منیان ڕەوانەی هەندەران کرد. ئیدی هەر بە ڕاستی ناسنامەی پەنابەری و ئاوارەییم پێدرا.

من گەشبینانە لە داهاتووم دەڕوانی، بە پەرۆشەوە کۆرسی زمانم تەواو کرد، دەمویست خوێندنی باڵا تەواو بکەم، بەڵام ئاشنا تازەکانم دڵ ساردیان کردمەوە، ڕێگەی کارکردنیان پێشاندام. کارکردن بۆ منێکی کەمئەندام ئاسان نەبوو، وەلێ دیسانیشەوە تاقەت پڕوکێنانە کارم دەکرد، زمانەکەم باشبوو، خاوەن کار متمانەی پێم هەبوو، شوێنی خۆی بۆ من چۆلکرد . ئیتر دەستم کرایەوە، بەیانیان کاتژمێر ١٠ دەستم پێدەکرد و شەوانە کاتژمێر ١٠ دەهاتمەوە. ڕۆژانە ١٢ سەعات لە پشت مێز و قاسە دادەنیشتم، دوکانم بەڕێوە دەبرد. خاوەن دوکان پێوانەی برای دایک و باوکی بۆ دەکردم، منیش پاک و دڵسۆزو ڕاستگۆیانە کارم دەکردوپەرۆشی پێشخستنی دوکانەکەی بووم. ئەویش تاک و تەنیا بوو، خۆی و خێزانی لە ئاوارەیی گیرسابوونەوە، کاریان کردبوو، سەرمایەیان کۆکردبۆوە، دوکانێکی گەورەیان پێکهێنابوو. ئەوان هاوزمانی یەکتر نەبوون، لە ئاوارەی یەکتریان پەیدا کردبوو، وەلێ ژن و مێردێکی بەختەوەر بوون.

ئەوان هەردووکیان زۆر ڕێزیان لێدەگرتم، هانیان دەدام لاسایی ئەوان بکەمەوە، هەرکاتێ سامانم کۆکردەوە دوکانێکی هاوشێوەی ئەوان دابنێم. تەنانەت زۆر جاران بەڵێنیان پێدەدام، ئەگەر بمهەوێت دوکانێکی سەربەخۆم بۆ دادەنێن.

کارکردنم لەو شوێنەو لەلای ئەو ژن و مێردە بەرێزە دەرگەی ژیانێکی دیکەی بۆ کردمەوە. وردە وردە پەڕوباڵم دەردەکرد و پارەم پاشەکەوت دەکرد.

دوای گیرسانەوەم لە ئەوروپا ئیدی پەیوەندیم لەگەڵ خزمەکانم خۆشتر ببوو، من تەلەفۆنم بۆ دەکردن و ئەوانیش بێ ترس نامەیان بۆ دەناردم. بەهۆی کارکردنیشەوە دەمتوانی باروبووی خزمان و ناسیاوە نەدارەکانم بکەم.

لەو ماوەیەدا چەندین جار پارەم بۆ براکانم ناردەوە، خوا هەڵناگرێ ئەوان هەرگیز داوای پارەیان لێ نەدەکردم، بۆخۆیان دارا و سەرمایەدار بوون، پێویستیان بە پارەی من نەبوو، وەلێ دیسانیشەوە هاوکاریم دەکردن و دیاری و نایابم بۆ ڕەوانە دەکردنەوە.

هیچ کەسێک نیە کە خزم و ناسیاوی هەژارو دەستکورتی نەبێ، منیش کۆمەڵێک خزمی لەو بابەتانەم هەبوو، جارێکیان دایکم پێیگوتم : " ڕۆڵە ئەگەر لە توانات هەیە بڕێک پارە بۆ ماڵی خاڵۆت ڕەوانە بکە، دەردێکی کوشندەی گرتووە، بەردەوام سەردانی پزیشک دەکات، پارەیەکی زۆری تێدا سەرف کردووە و چارەی نەکراوە"

من بە گوێرەی توانای خۆم هاوکاریم کرد، دواتر لە ڕێگەی خاوەن کارەکەمەوە ڤیزەمان بۆ وەرگرت و هات بۆ لامان. ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا مایەوە ، خاوەن کارەکەم زۆر هاوکاری کرد، دەیان دکتۆر و نەخۆشخانەی پێکرد، خۆشبەختانە چارەی کراو بە سەلامەتی گەڕایەوە. خاڵم ئەوەندە منەتی پێبوو کە هەرگیز لە باس کردن نایەت، دایکم و براکانم بەو کارەی من سەر بڵند ببوون، سوپاسیان دەکردم و دەستخۆشیان پێدەگوتم.

بەهۆی خاڵمەوە پێوەندیم لەگەڵ خزمەکانی دیکەش نوێ ببۆوە، هەموویان تەلەفۆنیان بۆ دەکردم و هەواڵیان دەپرسیم. منیش خۆشەویستیم بۆ ئەوان گەورەتر ببوو. هەندێکجار هەر لەخۆڕاوە ئەوانم بەبیر دەهاتنەوە و غەریبیم دەکردن. نامەم بۆ دەناردن و تەلەفۆنم لێدەکردن.

دایکم لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێشنیاری ژنهێنانی خستە گوێچکەمەوە، تا ئەو کاتە بیرم لە ژنهێنان نەکردبۆوە. خاوەن کارەکەم دەیگوت :" باشتر وایە بۆ خۆت لێرە ژنێک بدۆزیتەوەو هەوڵی ئەوە نەدەیت لە وڵاتەوە کچێک رابکێشیت" ئەو دەیان نموونەی بۆ باسکردبووم، منیش گوێم لەدەیان سەرگوزشتەی ئەوانە ببوو کە چوونەتەوە نیشتمان و لەوێ ژنیان هێناوە، بۆیە هەرگیز باوەڕم بەوە نەبوو لە ڕێگەی تەلەفۆن و وێنەوە ژن بهێنم. پێشنیارەکەی دایکم دەلاقەیەکی لە مێشکم کردبۆوە، هەوای ژنهێنان لەسەری دابووم. دایکم کچی خزم و ئاشنا و ناسیاوانی پێشنیار دەکرد، من ڕەتم دەکردنەوە.

من شوێن پێی خۆم کردبۆوە، هەم زمانە بەباشی فێرببووم هەم شارەزاییم لە دوکان بەڕێوەبردن پەیداکردبوو، هەمیش پارەیەکی باشم کۆکردبۆوە. خەیاڵی دروستکردنی دوکانێکی سەربەخۆ لە کەڵلەی دابووم، بەڵام خاوەن کارەکەم ئەوەندە باوەڕو متمانەی بە من دابوو، ئیتر لە ڕووم نەدەهات بەجێی بهێڵم، ئەو بە تەنیا لەسەر کاغەز خاوەن دوکان بوو، دەنا هەموو کارەکانی دیکە من بەڕێوەم دەبردن، هەرگیز حیساب و کیتابی لەگەڵ نەدەکردم، خۆم و ویژدانم بوو، چەندەم پێبدایایە نەیدەگوت کەمە یا زۆرە، بەوهۆیەوە من زۆر دڵسۆزانەتر و ڕاستگۆیانەتر کارم دەکرد و دوکانەکەم پێشدەخست.

ڕۆژێکی پشوو منی بانگی ماڵی خۆیان کرد، دوای فراوین خواردن ژنی خاوەن کارەکەم بە پێکەنینەوە لێمی پرسی : بیستوومە بە دوای ژن دەگەڕێی! من پێم باشە یەکێک لەو کچانە هەڵبژێریت کە ڕۆژانە دێنە دوکانەکەت، هەندێک لەوان زۆر ڕێکوپێکن.

مێردەکەی بە پێکەنینەوە وەڵامی ژنەکەی دایەوەو گوتی: " دیارە دەیەوێ وەکو من قوڕ بەسەری خۆی بکات ! دەنا جارێ بۆ ژنهێنان زووە" ئیدی هەر سێکمان لە قاقای پێکەنینمان دا.

ماوەیەک بەدەم گاڵتە کردنەوە باسی ژنهێنان و ژنخواستنمان کرد، دوایی خاوەن کارەکەم بابەتی دوکان و کارکردنی هێنایە گۆڕێ، ئەو پێشنیاری کرد کە نیوەی دوکانەکە هەڵبگرمەوە.

پێشنیارەکەی لەجێگە دابوو، بەڵام حەزم نەدەکرد دوایی خەڵک قسەو قسەڵۆکم بۆ هەڵبەستن و بڵێن دوکانەکەی لێداگیر کرد. خاوەن کارەکەم پێداگری کرد و خێزانەکەشی دڵ گەرمی کردم و دڵنیای کردمەوە کە ئەوان بەرنامەڕێژیان کردووەو دەچن بۆ وڵاتێکی ئەمریکای لاتینی و ماوەی شەش مانگ دەمێنەوە، ئەگەر پێیان خۆشبوو هەر لەوێ شتێک دەکرن و تێیدا دەمێننەوە، جارجارەش سەردانی ئێرە دەکەنەوە.

سەرەنجام لەسەر داخوازی ئەوان نیوەی دوکانەکەم هەڵگرتەوە، ئیدی بە گیانێکی دیکەوە دەستم بەکارکردن کرد. ئەگەر ئەوان سەفەریان بکردبایە، دەبوایە من کەسێکی دیکە بدۆزمەوەو بیهێنم هاوکاریم بکات.

پرۆژەکانم گەورەتر ببوون، لەلایەکەوە مەسەلەی ژنهێنان، لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێوەبردنی دوکان .

من زۆر لێبڕاوانەتر کارم دەکرد و سەرپەرشتی دوکانەکەم دەکرد، کوردێکی ناسیاوی خۆشم لەگەڵمدا کاری دەکرد. ژنێکی قسەخۆش وریکوپێکی هەبوو. ماوەیەک بەیەکەوە کارمان کرد، ڕۆژێکیان بابەتی ژنهێنانی هێنایە گۆڕێ، منیش پێشنیارەکەی دایکم و بۆچوونی خۆم بۆ باس کرد. ئەو هاوڕایی نەدەکردم، پێیوابوو کچانی ئێرە بۆ ژیانی هاوسەرێتی دەست نادەن، باشتروایە سەردنێکی کوردستان بکەم و لەوێ گولبژێریان بکەم.

من کە نەمدەتوانی بچمەوە ئەو لەتە نیشتمانەی کە تێیدا هاتوومەتە ژیانەوە، هەروەها خزم و کەسێکی نزیکیشم لەو لەتە نیشتمانەم دا نەبوو کە ئازاد و ڕزگاکراوە. هاوکارەکەم پێشنیاری بۆ کردم کە بچمە ماڵی باوکی و ئەوان هەوڵی دۆزینەوەی کچێک بدەن، لەنزیکەوە بیبینم و قسەی تەواوی لەگەڵدا بکەم، ئەگەر پەسندم کرد، مارەی بکەم و دوایش هەوڵی ڕاکێشانی بدەم.

پێشنیارەکەی شتێکی خراپ نەبوو، وەلێ جێهێشتنی دوکان ئاسان نەبوو. جارێکیان ئەو پێشنیارەم بە دایکم گوت، ئەو پێیباش نەبوو، ئەو دەیگوت :" هەتا خزم هەبێ پێویست ناکات بۆ لای ناسیاوو ئاشنا رابکەیت" ڕاستیەکەی ئەو دەیویست من کچی یەکێ لە براکانی بهێنم.

هاوکارەکەم مرۆڤێکی ڕاستگۆ، دڵفراوان، تێگەیشتوو بوو، زۆر جاران ژنەکەی دەهاتە دوکان و خواردنی بۆ دەهێناین. بەو هۆیەوە ئاشنایەتی و ناسیاویم لەگەڵ ژنەکەشی پەیدا کرد. هاوکارەکەم مەسەلەی ژنهێنانی لای خێزانەکەی خۆی باس کردبوو، ئەویش خوشکێکی خۆی لە هزردا گرتبوو.

ڕۆژێکیان هاوکارەکەم درکاندی و ڕاستەوخۆ پێیگوتم : " هاوسەرەکەم دەڵێ با بچێتە کوردستان، لەوێ قسە لەگەڵ خوشکەکەم بکات، ئەگەر یەکتریان پەسند کرد باشە، دەنا خزم و ناسیاوی دیکەشمان هەن"

بەر لەوەی شەریکەکەم سەفەری ئەمریکای لاتین بکات، نیازی سەفەری کوردستانم بۆ درکاند، ئەو هەرگیز لەگەڵ ئەوە دانەبوو لە وڵاتەوە ژن بهێنم، ئەو پێیباش بوو بچمە بشوور، خزمەکانیشم بێتە ئەوێ و بیانبینم، دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین تا ئەوان خۆیان لێرەن، من سەفەر بکەم و زووش بگەڕێمەوە.

بەرنامەی سەفەرمان دانا، من و خێزانی هاوکارەکەم بەیەکەوە چووینەوە کوردستان، لەوێ خوشکەی پێناساندم. ڕێگەیان پێداین بەیەکەوە دابنیشتین ویەکتر بدوێنین، ئەو دەرچووی زانکۆ نەبوو، وەلێ شارەزایی زۆری لە ژیان هەبوو. من مەرج و پێشنیاری خۆم هەبوو، ئەویش مەرج و پێشنیاری خۆی هەبوو. هەرچۆنێ بوو یەکترمان پەسند کرد. ماوەی یەک مانگ لە باشووری کوردستان مامەوە، دایکم و براێکم هاتن بۆ لام، ماوەیەکی زۆر بوو ئەوانم نەبینی بوو، ئەو کاتەی من ڕێگەی خەباتم گرتەبەرو چەکی پێشمەرگایەتیم کردە شان ئەو هێشتا زۆر بچووک بوو، کەچی گەورەببوو، سەربازیشی تەواو کردبوو، ژنی هێنابوو، منداڵیشی هەبوون.

دیداری دایکم و براکەم گەلێک یادگاری خۆشیان لە هزرم دا زیندوو کردەوە. ئەوان باسی خزم و ناسیاوو ئاشناکانیان بۆ دەکردم، دایک پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە کچی یەکێک لە براکانی ئەو هەڵبژێرم و بۆ هاوسەرێتی پەسندی بکەم، بەڵام کاتێ لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵی خانەخوێ پەیدا کرد، ڕەزامەندی لەسەردا، زۆریش پێی خۆشحاڵ بوو. ئەو بە ناسینی ئەو بنەماڵەیە زۆر خۆشحاڵ و سەرفراز ببوو، بەڵام چونکە جیاوازی تەمەنمان هەبوو، تۆزێک بەد گومان بوو. کچەکە بۆ خۆی و بنەماڵەکەشیان جیاوازی تەمەن و کەم ئەندامێتی منیان بە شتێکی لاوەکی دادەنا. خۆشبەختی و بەختەوەری خێزانیان لە تێگەیشتندا بەرجەستە دەکرد. ئیتر بە وجودی ئەوانەوە شەکراومان خواردەوەو کارەکانی دادگەو تۆمارکردنی بەڵگەنامەی هاوسەرێتیمان تەواو کرد، دایکم و براکەم بەرەو ئەو دیو، من و خوشکی دەستگیرانەکەشم بەرەو ئەوروپا بەڕێ کەوتین .

# هەبوونی دۆستی جۆراوجۆر تەمەن درێژ دەکات

وەرگێڕانی : دایکی سۆز

لەدێ جوانیەکەیەوە لێکۆڵەرەوان پێیانوایە کە هەبوونی دۆستی جۆراوجۆر دەتوانی تەمەن درێژتر بکات .

زانایانی ئوستراليا لەو باوەڕەدان کە تێکەڵاوی بەساڵاچووان لەگەڵ دۆست و ئاشنایانی ڕێزداری خۆیان کاریگەری لەسەر ڕێژبوونەوەی تەمەندا هەیە.

تیپی لێکۆڵەرەوان هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی، لەشساغی، خوو ڕەوشتی کەسایەتیان لەسەر هەزارو پێنج سەد کەسی سەرووی ٧٥ ساڵە تاوتوێ کرد.

ساڵی ١٩٩٢ لێکۆڵەرەوانی "دامەزراوەی شرۆڤەکانی درێژی تەمەن لە ئوستراليا" لە هەرێمی ئادەلایدی باشووری وڵاتەکەیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردبوو، وەک بەشێک لە شرۆڤەکان ئارەزوومەندانە سەبارەت بە ڕێژەی تێکەڵاوی ڕاستەوخۆ و پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر، لەوانەش منداڵان، خزمان، دۆستان پرسیاریان لە بەساڵاچووان کردبوو.

ئەو تیپە بە درێژای ئەو ماوەیە ئەوانەی خستە ژێرچاوەدێریەوە کە ئارەزوومەندانە وەڵامی پرسیارەکانیان دابۆوە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاشکرابووە کە پەیوەندی نزیک لەگەڵ منداڵان و خزمان ڕێژەی کەمی کاریگەری لەسەر مانەوەی بەساڵاچووواندا هەبووە، بەڵام ئەو بەساڵاچووانەی کە تۆڕێ پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ دۆست و ئاشنایانی جۆراوجۆردا هەبووە لە ژیاندا ماون و تەمەنیان درێژ بۆتەوە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو هاوتەمەنانەی کە تەنیا پەیوەندیان لەگەڵ خزمان و ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆیاندا هەبووە. هەروەها ئەوانەی کە کەمترین دۆست و ئاشناو خزمیان هەبووە تەمەن کورت تر بوونە زووتر مردوون.

ئەم بابەتە لەسەر ئەو کەسانەش تاقیکراوەتەوە کە یەکێک لە خۆشەویستانی خۆیان لەدەست داوە، گۆڕانکاری بەرچاوی هەبووە و ڕاست دەرچووە.

لێکۆڵەرەوان پێیانوایە کە تێکەڵاوی لەگەڵ دۆستان و ئاشنایانی جۆراوجۆر لەوانەیە هانی کەسانی بەساڵاچوو بدات تا زیاتر ئاگایان لە خۆیان هەبێ و زیاتر بایەخ بە بەرنامەی خواردنی خۆیان بدەن.

لێکۆڵەرەوان پێیانوایە ئەگەر بەساڵاچووان کەمترین تێکەڵاویان لەگەڵ دۆستان و ئاشنایان هەبێ دووچاری نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبنەوە. بەمەش سەختی و ناخۆشیەکانیان گەورەتر دەبێتەوە، ئەندامەکانی لەشی وەکو پێویست بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵناستن، سست و ناچالاک دەبن. بەڵام ئەوانەی تۆڕی پەیوەندیان لەگەڵ دۆستان و ئاشنایانی جۆراوجۆردا هەیە ، ئەندامەکانی لەشیان زۆر خێراترو چالاکتر ئەرکەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن، ئەمەش کاریگەری لەسەر درێژبوونەوەی تەمەن دەکات و ئومێدی ژیان لە لای بەساڵاچووان گەورەتر دەکاتەوە.

لێکۆڵەرەوان پێشنیار بە ساڵاچووان دەکەن کە پێوەندی خۆیان لەگەڵ دۆستەکانیان پتەوو بەهێز بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیان. دەخوازن کە پیرەکان هەمیشە دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ دۆست و ئاشنا و خزمانیان بکەن و تەمەنیان درێژ بکەنەوە.